# بەياننامەيەک لە مەکتەبی سياسی يەکگرتووی ئيسلامی کوردستانەوە

بەهۆی هێرشە ئاسمانيەکەی ئيسرائيل بۆسەر شارۆچکەی (قانا)ی لوبنانی کە زياتر لە 50 هاوڵاتی سڤيلی لوبنانی بوونە قوربانی و، بە خوێناويترين ڕووداو لە ماوەی 19 ڕۆژی شەڕی نێوان ئيسرائيل و حزبوڵادا دادەنرێت، مەکتەبی سياسی يەکگرتووی ئيسلامی کوردستان بەياننامەيەکی دەرکرد. ئەمەی خوارەوەش دەقی بەياننامەکەيە:

لە زنجيرەی شەرە داگيرکاری و وێرانکاريەکەی سەر لوبنان کە چەندين شار و لادێ و دام و دەزگای مەدەنی خزمەتگوزاری و هاوڵاتيانی مەدەنی گرتۆتەوە کە پێشتريش ڕووبەرووی فەلەستين و گەلەکەی و حکومەتە هەڵبژێردراوەکەی بۆتەوە، شارۆچکەی (قانا)ی لوبنانی تووشی هێرش و پەلامار و قەتڵ و عامێکی خوێناوی بوو.
ئێمە لە کاتێکدا پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی هەردوو گەلی لوبنان و فەلەستين دەکەين لەسەر ئەو دەست درێژيانەی کە لەلايەن سوپای پەلاماردەری ئيسرائيليەوە تووشی دەبن، پشتگيری خۆمان بۆ هەردوو گەلی لوبنان و فەلەستينی ستەم لێکراو ڕادەگەيەنين و، بە توندیش ئيدانەی ئەم پەلامارە بێ پاساوەی ئيسرائيل دەکەين لەسەر هاوڵاتيانی مەدەنی و دامەزراوە مەدەنيەکان و، داواش لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەين بۆ کاری جيددی بەمەبەستی ڕاگرتنی دەست بەجێی خوێن ڕژان و وێرانکاری و، خوازياری ئەوەشين کە پەنا ببرێتە بەر ئەقڵ و حيوار و پەيماننامەو بەڵێننامە نێودەوڵەتيەکان و، کۆتايی بەسەردەمی پەنا بردنە بەر توندوتيژی و بەکارهێنانی هێز بهێنرێت لە چارەسەر کردنی قەيران و ڕووداوەکانداو، داواکارين کە دامەزراوە نێودەوڵەتيەکانيش لەگەڵ ستەم لێکراوان و مافەکانی گەلاندا بن.

مەکتەبی سياسی
يەکگرتووی ئيسلامی کوردستان
هەولێر – عێراق
2006/7/31